# سیستەمی خوێندنەوەو  دەسەڵاتی دەق

عەزیز تەمیمی

و : عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

بۆ دیاریکردنی سیمای لۆژیکیانەی سیستەمی خوێندنەوە, وەك دەربرینێکی مەعریفی , دەبێ گرینگترین ئەو ئاوێتە بوونو تانۆپۆیانە کەشف بکەین کە دەسەڵاتی خوێندنەوەی لێپێکهاتووە, دەسەڵاتی دەقیش لە بنەڕەتدا تەواو نوێنەرایەتی میکانیزمی خوێندنەوەی دەق دەکات ئەگەر وایدابنێین کە دەسەڵاتی خوێندنەوە لە میانی دوو کارلێکەری زمانەوانی ,واتە دالو مەدلول رەهەندە سیماییەکەی خۆی درێژ بکاتەوە, ئەوە دال لە پانتایی دەستەواژەی زمانەوانیدا لە سەر چەمکی ئاماژە, یان سیمیا چڕ دەبێتەوەو دەبێتە پانتایی کەشفکردنو تەئویلکردن. بە دیوەکەی دیکەش مەدلول لە هەمان پانتاییدا خۆی لە چەمکی مانا, یان سیمە هەڵدەگرێتەوە, یان ئەو حەقیقەتەیە کە چەمکی فیکری لەسەر دادەمەزرێ, هەر لەمیانی تێگەیشتنی دوالیزمیەتی ئاماژەو سیمەو لە دووتوێی وەبیرهێنانەوەی پرۆسەی خوێندنەوەشدا پەیوەندی نێوان خوێنەر دەق دێتە بەرهەم.

خوێنەر لە میانی دەستەواژەی کەشفکردن, یان دەلالەتەوە, وەك وەزیفە سەر بەئاماژە , سیمایە, بەڵام دەق لە رووی وەزیفەوە سەر بە چەمکی سیمە, یان مەدلولە. بەمجۆرە دەکەوینە نێوان دیاریکردنی چەندان جوگرافیای زمانەوانیەوەو لەوێوە دوانەیەك دەناسین کە رەهەندێك تیایدا رەنگدەداتەوە, رەهەندێك کە تەجاوزی رەهەندی زمانەوانی دەکات. کەواتە دوانەی رەمزو مانا لە میانی چوارچێوەی تابلۆیەکی هونەری پەیکەرسازیدا زیاد لە رەهەندێ لەخۆ دەگرێ, هەروەها لە پانتایی دەقی ئەدەبیو دەربڕینی سایکۆلۆژیدا زیاد لە مانایەك دەگەیەنێت, هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ دەسەڵاتی دەق کە بۆچوونی هونەریو ستاتیکی بەشداری لە بونیادنانیدا دەکات خۆی لە پرۆسەی نووسیدا بەرجەستە بکات.

لە میانی دەسەڵاتی دەقیش کە سییانەی مەرجەعو بونیاد بۆچوونی فەلسەفی دێتە بەرهەم, دەشێ چەمکی دالو مەدلول دیاری بکەین, ئەگەر وایدابنێین کە دەق بەر لەوەی بە خوێنەر بگات,

یەکەیەکی مەعریفی سەربەخۆبێ، لەگەیشتنی بە خوێنەر یەکەیەکی مەعریفی نوێ بە ناوی خوێندنەوە دابمەزرێنێ، ئەوە نووسین لەرووی دەربرینی مەعریفەوە نوێنەرایەتی سیستەمی مەعریفی دەکات، هەردوو رەهەندەکەش ،واتە رەهەندی ئاماژەو رەهەندی سیمە لە خۆ دەگرێ، هەروەها دەتوانین لە رێگەی تانوپۆکانی دەقەوە چەمکە (دەلالی–ئاماژەیی)و (مەدلول–سیمە)ەکانی دیاری بکەین.

فۆرمی دەرەوەی دەق کە تۆرێکی زمانەوانی نوێنەرایەتی دەکات، بە پێی وێنا کردنە تایبەتیەکانی نووسەر بەرێوە دەچێ، سەرەڕای رەمزو گوزارشتە ئەفسانەیی‌و کۆمەڵایەتیەکانی بەشێك لە دەلالەتی دەق پێکدەهێنێ. کەواتە دەسەڵاتی دەقی دەلالی لەرێگەی گەیشتنی بە خوێنەر کە نوێنەرایەتی تەواوی دەلالەت دەکات، بەشێوەیەکی چالاکانە وەزیفەکانی خۆی دەنوێنێ، واتە دەلالەتی دەق لە خاڵی بەیەکگەیشتن لەگەڵ خوێنەردا خۆی هەڵدەگرێتەوەو ئەوەش دەکەوێتە سەر فۆرمی دەرەوەی دەق، هەڵبەتە فۆرمی دەرەوەی دەقیش رەنگدانەوەی میکانیزمیەتی دەربرینی دەقەو دەکەوێتە سەر کەشفکردنی ئەو رێچکەو رێرەوانەی کە بەرەو هەرێمی سیمە دەبێتەوە، لە رێگەی شیکردنەوەش کە لە دەسەڵاتی خوێنەرەوە سەرچاوە دەگرێ بە بونیادی دەقدا گوزەردەکات.

واتە رەنگدانەوەی ناوەوەی دەقە، یان رەنگدانەوەی تانوپۆی دەق لە کێشکردنی خوێنەردا رۆڵێکی ئیحا ئامێز دەبینێ، هەروەها لەپرۆسەی خوێندنەوەدا هەموو تانوپۆیەك لە تانوپۆکانی دەق لە تەسەوری دیاریکراودا بەشداری خۆی دەنوێنێ. مەرجەعیەت، یان سەرچاوەی مەعریفی ئەگەر لە تۆمارکردنی کۆمەڵێك چەمك‌و پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و رەفتار ئامێزدا بەشداری بکات‌و هەموو ئەو بەهاو دەستەواژانە لە خۆبگرێ کە باکگراوەندی مەعریفی دەقیان لەسەر بونیاد نراوە، ئەوە بۆ خۆی دەبێتە کرۆکی دەسەڵاتی دەق.

کەواتە مەرجەع، یان سەرچاوە کۆڵەکەیەکی ئۆرگانیە لە دەقداو یارمەتی چەمکی خوێندنەوەی تەئویلی دەدات. واتە لە بری پاڵنەر، یان‌و وروژێنەر کاردەکات، بۆ ئەوەی ئەو سەرنجە دیاریکراوە بونیاد بنێ کە خوێنەر نیازیەتی، ئەو سەرنجەش بە ئاواتی ئەوەیە کە لە پشت سەرکێشیەکانی خوێندنەوە بۆچوونێکی دیاریکراو بخاتەوە، خوێنەریش بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانێ ئەو مەرجەعە لە رێگەی خوێندنەوەیەکی ستایل خوازانەوە کە بە بۆچوونی مێژوویی‌و میتۆلۆژی‌و ئەفسانەییەوە بەندە، بەرجەستە بکات. هەموو ئەو شێوانەش لە میانی شیکردنەوەی پێکهاتەکانی دەقەوە نوێنەرایەتی نزیکگەرایی دەرەوەی دەق دەکات. وەك چۆن خوێندنەوە نوێنەرایەتی شێوەی زمانەوانی دەرەوەی دەقیش دەگەیەنێت.

مەرجەع لە تێگەیشتنی زمانەوانی‌دا پانتاییەکی بەرفراوان لە رستەو دەستەواژەو چەمکە فیکریەکان دادەپۆشێ، لەوێشەوە پێناسەی مەعریفی دەق دادەمەزرێنێ هەندێ لەو چەمکانە، یان دەستەواژانە بە واقیعی کۆمەڵایەتی نووسەر بەندە، بەڵام چۆن ئەم واقیعە لە فۆرمەلەکردنی سەرنج‌و بۆچوونی نووسەردا بەشداری دەکات‌و چۆن ئەو سەرنج‌و بۆچوونانە وەك ئامرازێکی مەعریفی کاریگەری خۆیان لە پێکهاتەی دەق دادەمەزرێنن؟ ئەو چەمکانەی بە ئەفسانەو خورافەوە بەندن‌و رۆڵێکی ئەکتیف لە تۆمارکردنی ژیانی گەلان‌و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا دەگێرن، چەمکگەلی دەروونی‌و مۆرالین‌و دەسەڵاتەکانیان لە پێکهاتەی باکگراوەندی فیکری، سەرەڕای پێشینەی (بۆماوەیی) ئایینی‌و مێژوویی دەگێرن، هەموو ئەو سەرچاوانە بە شێوەیەکی گونجاو لە میانی ئەو (دەوروبەرە) ژینەگەیەی کە نووسەر وەك شانۆیەك بۆ دەقەکەی پێشنیاری دەکات، کاردەکەن. هەر لە رێگەی ئەو ژینگەیەشەوە، دەشێ بۆچوونی فەلسەفی چەپێنراو کە

بەردەوام لەسەر ئەساسی کردەی وروژاندنی خوێندنەوە کاردەکات, لە دەقدا خۆی هەڵبگێرێتەوە, ئەو بۆچوونەش لە میانی دەرخستنی ئیشکالیەتی یەکێك لەو مەرجەعانەی کە باسمان کرد دەکەوێتە بەرامبەر واقیعێکی دیکە, واقیعێکی نادیار, رەنگە واقیعی دەقو خوێنەر بە یەکەوە بێ, بەڵام هەندێجاریش واقیعێکی گریمانەکراوە بە بارودۆخی هەنوکەییەوە پەیوەستەو پەیوەندی بە رەگەزی کات, یان شوێن, یان پرۆسەی خەلقکردن, یان دوانەیی خێرو شەردا هەیە, بەمجۆرە تا رادەیەکی زۆر مەرجەع بەشداری دامەزراندنی دەسەڵاتی دەق دەکات, خودی ئەو دەسەڵاتەش لەگەڵ سیستەمی (بۆماوە) لە دەسەڵاتی خوێنەردا هاوئاهەنگ دەکەوێتەوە, واتە نوێنەرایەتی بەریەککەوتنی لۆژیکیانەی جوگرافیای هەر یەکە لە خوێنەرو دەق لە خۆدەگرێ.

مەرجەع لە دەسەڵاتی دەقدا رەنگدانەوەی پێکهاتەی مەعریفیو فیکریو کۆمەڵێك چەمكو پەیوەندیو بۆچوونی ئەو نووسەرەیە کە نوێنەرایەتی ئامرازی بەرهەمی دەق دەکات, لە بەرامبەر ئەوەش سیستەمی بۆماوە لە دەسەڵاتی خوێنەردا رەنگدانەوەی هەمان چەمکگەلە, واتە لێرەدا پرۆسەیەکی بەرامبەرکێ بۆ تێگەیشتن هەیە, کە نوێنەرایەتی بە یەکگەیشتنی یەکەم دەکەوێتە نێوان خوێنەرو دەق, خودی ئەو بەریەککەوتنەش لە میانی چۆنیەتی دامەزراندنی ژینگەیەکی هاوبەشدا خۆی هەڵدەگرێتەوە, کە چەمکەکانی هەردوو لایەن (خوێنەرو دەق) لە هاوجووتبونی مەعریفیەوە مەرجەعیەتێك بەو تەسەورە دەخەنەوە, رەنگە بۆ هەر یەکێکیش (لە خوێنەرو دەق) جیاواز بکەوێتەوە, بەڵام بە گشتی مەرجەعی ناوبراو هەوڵدەدا هەردوو لا بە مانای بەربلاوی مەدلول بگەن.

واتە ئەو رەمزەی کە لە دەقدا وەك وەسیلەیەکی تەعبیری بەڵگەدار بەکاردەهێنرێ, هەر ئەو رەمزەیە هەوڵی دروستکردنی هاوئاهەنگیەکی دەلالی لە مەرجەعی خوێنەر, یان لە سیستەمی پێشینەی خوێنەر دەدات, ئەو هاوئاهەنگیەش لە دووتوێی ئەو چواچێوەیەی کە بۆ بەرهەمی دەق داهێنراوی خاوەن مەرجەع دەرەخسێنرێ, بەرەو بە یەکلکاندنی سەرچاوەکانمان دەکاتەوە, بە مانایەکی تر خوێندنەوە دەقێك دەخاتەوە کە خاوەنی سەرچاوەگەلێکی دەوڵەمەندە, دەوڵەمەندیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر یەك لە سەرچاوەکانی خوێنەرو دەق بەشداری تیادەکەن.

هەندێجار مەرجەعەکانی دەق بۆ ژینگەی بۆماوەو کۆمەڵایەتی جیا لە ژینگەو مەرجەعەکانی خوێنەر دەگەڕێتەوە, ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێك لە بەرامبەرکێی چەمکئامێز, کە دواجار جوتبوونێکی زمانەوانیو مەعریفی لە نێوان ژینگەو مەرجەعە جیاوازەکان دەخاتەوە, خودی ئەو جیاوازیانەش بەرەو دەوڵەمەندیو قوڵی دەقی بەرهەمهێنراومان دەبات, بۆیە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی دەق لقێك لە لقە سەرەکیەکانی سیستەمی خوێندنەوە پێکدەهێنێ, کە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ناتوانێ لە پێکهاتەی چەمکی خوێندنەوەدا تەجاوزی دەسەڵاتی دەق بکات, ئەوەش بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە, هەر لەوێشەوە بەرەو دەقێکی ناهاوسەنگو تاك تەوەرەیی دەبینەوە کە واقیعی دەقی نووسراوی تیا رەنگناداتەوە, بەڵکو بۆچوونی خوێنەری تیا رەنگ دەداتەوە.

لە چەمکی دەسەڵاتی دەقدا بونیاد وەك بەجێهێنان تەوەرەیەکی دینامیکی مەزن پێکدەهێنێ, ئەو بەجێهێنانەش چەمکی مەرجەعیەتی مەعریفی دەق پێچەوانە دەکاتەوە, واتە لە رێگەی پێکهاتەی ناوکۆیی سیستماتیزەکراوی هەریەك لە پەیوەندیەکانو دامەزراوە فکریەکانو ژینگەو دنیای فیکرو ئەفسانەو لایەنە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداری لە تۆمارکردنی کەشو هەوای فیکری نووسەر دەکات, دواجار ئەو کەشو هەوایە لە دەقی بەهەم هاتوودا رەنگدەداتەوەو وەك

بۆچوونێکی هونەری‌و ئیستاتیکی لە دەقدا بەرجەستە دەبێت‌و دەبێتە ئەلقەیەك بۆ بەیەکلکاندنی مەرجەع‌و بۆچوونی فەلسەفی.

واتە دەشێ وەك پەیکەرێکی سیستماتیزەکراوی دەق سەیری بکەین, کە لە میانیدا زمان کاردەکات, خودی ئەو زمانەش چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەو بونیادە لە ناونان‌و دیاریکردنی پەیوەندیە چەمکیەکانی پێکدەهێنێ کە رێگە بە یەکەی مانا دەداو وەزیفە مەرجەعیەکانی خۆی بە جێبهێنێ, پاشان لە رێگەی دواندنی شێوەی دەرەوە, یان ئەوەی کە پێی دەڵێن چینی زمانەوانی (کە کۆمەڵێك رەمزو ئاماژەو وەزیفەی دەلالی لە خۆ گرتووە) یەکەی مانا, بونیادی دەق کەشف دەکات, دەشێ ئەو دەستەواژەیە بە شێوەیەکی دیکەش فۆرمەلە بکەین‌و بڵێین دەشێت بونیادی دەق لە رێگەی خوێندنەوەی پێچەوانە ئامێزی وەك بونیادی ئاستی ئاسۆیی‌و ستونیەوە دیاری بکەین, ئاستی ئاسۆیی لە کەشفکردنی رەمزو ئاماژەکانەوە خۆی دەنوێنێ, بەڵام ئاستی ستوونی لە بەدواداچوونی ئەو رەمزو ئاماژانەدا خۆی هەڵدەگرێتەوەو لەوێوە بەرەو ناخی دەق دەکشێ‌و لە میانی جوگرافیای بونیاد دا دەگاتە بەرجەستەکردنی مەرجەعی مەعریفیەوە, چونکە دابەزینە فکریەکان کە نووسەر لەمیانەی سیستەمە چەمك ئامێزو مەعریفی‌و جیهانبینیەکانەوە پرۆسیسەی دەکات, تەنها لە میانی شیکرنەوەی یەکە بونیادەکانی دەقەوە نەبێ, ناشێ وەك بەڵگە سەیری بکەین, ئەوەش بۆ خۆی بە خوێندنەوەی دواندن ئامێز, یان بونیادگەری لە قۆناغێکی دیارکراو لە قۆناغەکانی خوێندنەوەدا ناو دەبرێ.

هەروەها بونیاد رۆڵێکی گرینگ لە بەکارهێنانی فۆرمە مەغریفیەکاندا دەگێرێ, واز لە نەخشە پەیکەر ئامێزەکان دەهێنێ‌و دەکەوێتە ژێر رێکخستنی زمانەوانیەوە.ریکخستنی زمانەوانیش کەش‌و هەوایەکی ژینگەیی نوێ دادەمەزرێنێ. ئەو کەش‌و هەواو ژینگەیەش لە کۆمەڵێك بەیەکداچوونی سایکۆلۆژی‌و فەلسەفی پێکدێ‌و لەوێشەوە ئەو رەهەندە هونەری‌و ستاتیکیانە تۆمار دەکات کە مەرجەعی دەقی لە خۆگرتوو, بە دیوەکەی دیکەش چۆنێتی کارلێکردنی ئەو مەرجەعە لە ساتەوەختیی یادەوەری نووسیندا ئامادەی خۆی هەیە, واتە هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی ژینگەو چەمکگەلێکی مەرجەع ئامێز تاکو ژینگەیەك بە بەشدایکردنی تەئویل‌و تەبەنیکردنی تەئویل بسازێنێ.

تەئویل پێناسەی دەق دەکات‌و پشت بە مەرجەعەکانی دەق دەبەستێ, لە خودی ئەو خاڵەوە چەمکی دەلالی کە دەق نوێنەرایەتی دەکات, بەیەك دەگەن‌و حاڵەتێك لە دانوساندنی چەمکەکان دەخەنەوە, ئەو حاڵەتەش تەئکید لە بۆچوونی هونەریانە دەکاتەوە, کە هەریەك لە خوێنەرو دەق دەستیان لە دامەزراندنیدا هەیە.

لێرەدا دەشێ سەرنج لە پەیوەندیە دینامیکیەکانی نێوان بۆچوونی خوێنەر بۆ چەمکی دەق بکەین, لە میانی پێکهاتە بونیادییەکان‌و حاڵەتی تەئویلدا کە لە دووتوێی ژینگەیەکی هاوبەشدا تەعبیر لە کارتێکردنی هەردوو ئیرادە دەکەن, ئیرادەیەك کە هەوڵی رەنگدانەوەی دامەزراوەی نوێ دەدات, ئیرادەیەك کە هەوڵی رەنگدانەوەی دامەزراوەی پێشینە دەدات, لە هەردوو حاڵەتیشدا بونیادی هونەری دەق ئەو ژینگەیەیە, کە کارلێکردنەکەی تیا دەدرەوشێتەوە. ئەو خوێندنەوەیەی کە لە بونیادی قوڵی دەقدا دوور دەکەوێتەوە, لە دووتوێی دەلالەتی دەرەوە کار لە تۆمارکردنی ئاوێتەبوون‌و تێگەیشتنی تایبەت بە مەرجەع دەکات, خوێندنەوەیەکی نەمەتگیرە, لە رێگەی مەرجەعی دەقەوە دەیەوێ بۆچوونی خوێنەر پڕ بکاتەوە, یان پرۆسەی رەنگدانەوەی راستەوخۆی کارتێکەرەکانی ژینگەییە, لە میانی رقەبەاریەتی ژینگەکانەوەو بە پێی وێناکردنی تەقلیدیەوە وەڵامدانەوەیەکی هاوئاهەنگانە دەسازێنێ.

بەڵام خوێندنەوەیەك كە بەرەو خەلقكردنی بۆچوونی هونەریو ئیستاتیكی دەچێ، خوێندنەوەیەكە كە لە ژینگەیەكی نوێ دێتە ئاراوە، ژینگەیەك كە ئیرادەی هاوبەشی دەقو خوینەر بەرهەمی دەهێنێ، ئەو خوێندنەوەیە كە لەو خاڵەوە دێتە بەرهەم كە ناكەوێتە ژێر نەمەتگیریو لاساییكردنەوە، خوێندنەوەیەكە كە تەئویلی نوێ لەخۆ دەگرێو كار لە بەرهەمهێنانی وزە هونەرییەكانی پێكهاتەو بونیادی زمانەوانی ژینگەی نوێ دەكات، ئەو خوێندنەوەیە بەرەو ئاسۆیەكی فراوان دەچێو لە فەلسەفەیەكدا پشت بە ئێستای چەمكگەلێك دەبەستێ كە لەگەڵ دەقو دەسەڵاتی مەعریفی دەقو خوێنەرو دەسەڵاتی مەعریفی خوێنەر بەریەك دەكەون، واتە بەرجەستەكردنێكی راستەوخۆی گوتەزای (بارت)ە لە رێگەی ئامادەیی چالاكانەی دەقو چەمكەكانیەوەو لە دووتوێی ژینگەیەكی نوێ كە خوێندنەوەو چەمكەكانی لە خۆدا هەڵگرتووە، بۆیە ئەگەر خوێنەر بیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ بۆچوونی نوێ بكات، ناتوانێ بونیادی دەق فەرامۆش بكات، خودی ئەو بۆچوونەش رەنگدانەوەی بۆچوونی دەقی بەرهەمهاتوو لە خۆ دەگرێ.

دەسەڵاتی دەق بە پێی شیكردنەوەی گوتار لە رێگەی چەمكی بونیادەوە كار لە هەڵوەشانەوەی بۆچوونی مەرجەعیو ژینگەی دەقو شیكردنەوەی چەمكە رەفتارئامێزو فەلسەفیەكان دەكات، هەروەك چۆن كار لە هەڵوەشانەوەی تۆماركردنی هەموو ئەو دەستەواژانە دەكات كە دەكەونە دووتوێی ژینگەی دامەزرێنەرانەی دەقەوە، ژینگەیەك كە بە پێی ئەو بۆچوونەی كە رێگە بە ئەوانیدیكە دەدا گفتوگۆی لەگەڵدا بكەنو ببێتە جێگای دواندنو رێگە مەعریفیەكان لەخۆ بگرێ، یان تەئویلكردنێك دادەمەزرێنێ كە كار لە دروستكردنی رێكەوتنێكی دەلالی دەكات، كە بە میراتو لایەنە كۆمەڵایەتیە كەلەكە بووەكانی ژینگەیەكی دیاریكراو وەبەرهەم دێ، بۆ ئەوەی لە تۆماركردنی لایەنە هونەریو زمانەوانیو لایەنە بەڵگە نەویستو هاوچەرخو عەقڵانیو واقیعیو نەستیەكاندا كە ئەسڵەن دامەزراوەی خودی ئەو نین، بۆچوونی جیاواز دابهێنێ، هەروەك چۆن هەمان بۆچوونی جیاواز لەسەر گواستنەوەی واقیعێكی نەخوێندراوە، یان نەبینراو، هەروەها چەمكگەلێك لە دووتوێی بۆچوونی هەنووكەیی، یان بۆچوونی بە خەیاڵكراو لە توێی سبەی، یان بە خیاڵكردنی هەنوكەییانە بۆ واقیعی سبەی دابمەزرێنێ.

ئەو پرسیارەی كە لە دیاریكردنی چەمكی خوێندنەوە دەمێنێتەوە، ئەوەیە كە ئایا رۆڵی بۆچوونی فەلسەفیانەی دەق لە پێكهاتەی بۆچوونی دەقی بەرهەمهاتوودا چیە؟

ئایا دەقی داهێنراو رەنگدانەوەی بۆچوونی دەقی خوێنراوەیە، یان بۆچوونی خوێنەرە، یان رەنگدانەوەی بۆچوونی فەلسەفیانەیەو بە بارودۆخی خوێندنەوەوە بەندەو لە فۆرمەلەكردنی چەمكەكانیدا دەستەواژە گەلێكی وەك (دەق، خوێنەر، كاتی خوێندنەوە، یۆتۆپیای شوێن) بەشداری تیا دەكەن؟

لە راستیدا بۆچوونی فەلسەفیانەی دەق لە پێكهاتەی بۆچوونی فەلسەفیانەی دەقی خوێنراوەی وەبەرهەمهاتوودا بەشداری دەكات، ئەوەش لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بە بەشێكی جەوهەریو بنەڕەتی دێتە ژماردن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە، بە پێی كام بۆچوون ئەو كاریگەریە تۆمار دەكەین؟

دەسەڵاتی دەق كە نوێنەرایەتی بونیادی دەق دەكات، هەندێجار لەسەر توانەوەی فیكرو گوتارگەلێك كار دەكات كە بە سەرچاوەی دەقەوە بەندەو دواجار لە دەقدا بە دامەزرێنەری چەمكی نوێگەریو چەمكی دانوساندن دێتە ژماردنو لە گفتوگۆكانی كردەی خوێندنەوەدا كار دەكات، ئەو خوێندنەوەیەش نوێنەرایەتی دەسەڵاتی خوێنەری شیكارئامێزی لە خۆگرتووە، لە

هەمان کاتدا بە گشتی هەوڵدەدا کە لە چوونە نێو چەمکی خوێنەر دووربکەوێتەوە, واتە کار بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی گفتوگۆ ئامێزانە دەکات, کە ئامرازە کارتێکەرەکانی ژینگەی دامەزرێنەری خوێندنەوە تیایدا رەنگدەداتەوە, واتە پێشوازی لە هەردوو کارتێکردن دەسەڵاتی خوێنەر دەکات, وەك چۆن لە چەمکی دەستبەسەراگرتن‌و دووردەکەوێتەوە, ئەوەش دەکەوێتە سەر توانای کارتێکردن, یان لەسەر کردەی سیحری رەفتارەکانی دەق دەوەستێت, چۆن ئەو دەقە دەتوانێ ئەو بنەما جیاکارانە لەخۆ بگرێ کە لە دووتوێی دەسەڵاتی خوێنەردا دەبێتە جێگای سەرنج‌و ئاوردانەوەی میکانیزمەکانی شیکردنەوە.

دەتوانم بڵێم کە کردەی تەئویلکردنی ئەو خوێندنەوەیەی کە پشت بە میکانیزمی شیکردنەوەو هەڵوەشانەی بونیادی دەق دەبەستێ, توانای ئەوەی تیایە کە لەو چەمکانە خۆی بێ لایەن رابگری کە دەکەونە لایەنێك لە لایەنەکانی (چ خوێنەر, چ دەق) خودی ئەو خۆلادانەش بۆچوونێکی هاوبەش دەخاتەوە کە بارودۆخی هەنووکەیی سنوورەکانی دیاری دەکات, ئەو بارودۆخەش نەدەکەوێتە دوای دەسەڵات‌و نە بە لایەنێك لە لایەنەکانەوە بەندە.

بەمجۆرە بۆچوونی فەلسەفی دەق بە پلەی بنەڕەتی لە دووتوێی ژینگەیەکی نوێدا کار بۆ وەبەرهێنانی بۆچوونی فەلسەفی دەکات, بۆچوونێك کە لە دەرەوەی چوارچێوە بونیادە تەقلیدیەکانی دەقەوە ماناکانی خۆی هەڵدەدات, چونکە بونیادی دەق گەرچی لە چەمکەکانی خۆیدا هەڵگری گەشەو وێناکردنی نوێخوازانەش بێ, بەڵام لە دووتوێی پرۆسەی خوێندنەوەدا, واتە لە کاتی هەڵوەشانەوەو بونیادنانەوەی لەسەر بنەڕەتێکی نوێ‌و ژینگەیەکی نوێدا دەکەوێتە دەرەوەی خۆیەوە, بونیادی نوێش نوێنەرایەتی کرانەوە دەکات‌و زیاد لە تەئویلکردنێك لەخۆ دەگرێ, تەئویلکردنێك کە دواتر لە پرۆسەی خوێندنەودا دەردەکەوێت.

کەواتە دامەزراندنی بۆچوونی فەلسەفی لە دووتوێی دەقی بەرهەم هاتوودا لەگەڵ حولیای تەئویلکردن هاوکۆك دێتەوە, ئەوەش بە بەکارهێنانی بۆچوونی دەق ناودەبرێ, کە بەرەو بونیادنانی بۆچوونێکی دیکە دەچێ, ئەو بۆچوونەش نوێنەرایەتی یەکێك لەو پێداویستیە ئۆرگانیانە دەکات, کە کارتێکردنی بۆچوونی فەلسەفیانەی دەقە, هەرچەندە دەق لە پێکهاتە چەمکئامێزو بونیادەکانیدا توانای گۆڕانی تیا هەڵکەوت, ئەوەندە ئاستی گەشەکردنی لە تازەگەری‌و لایەنە هونەری‌و بونیادگەریەکان رەنگدەداتەوە, مەبەستم لە تازەگەری هونەری‌و بونیادگەری ئەو توانایەیە کە روحی تازەخوازانەو دەرکەوتنەکانی تازەگەری لە دووتوێی مەرجەعیەتی دەقدا لە خۆدا هەڵگرتووە. سەرەرای دروستکردنی بۆچوونی فەلسەفی کە توانای لاساییکردنەوەو بۆچوونی فەلسەفیانەی خوێنەری لە میانەی پێکهاتەی ژینگەی نوێدا هەیە, بۆچوونێکی فەلسەفیانەی زیندوو کە خۆی بۆ جیهانبینیەکانی دیکەو جیهانبینیە جیاوازەکان والا دەکات.

بۆچوونی فەلسەفی کە لەگەڵ میکانیزمیەتی تەئویلکرندا بە یەکدا دەچن‌و بەشداری لە وەشاندنی دەست پێشخەریەکانی بۆچوونی نوێ دەکات, بۆچوونێکە پشت بە بە ئاراستەکردنی ئەو چەمکە مەعریفیانە دەبەستێ, کە دەکەونە دووتوێی ژینگە نوێکەوە, واتە بونیادنانی تۆرێك لە پەیوەندی چەمکئامێز کە خۆی لە بەردەوامبوونی جیهانبینی نوێ‌و زیاد لە پێویست کراوە بەسەر مەرجەعەکاندا هەڵدەگرێتەوە, هەروەها لە میانی ژینگەی نوێ زیاد لە پێویست دەوڵەمەند تێکەڵی نێوان رستە مەرجەعیەکان دەبێ, ئەو رستە مەرجەعیانە کە سەر بە هەریەك لە خوێنەرو دەقن, لەوێشەوە رێگا بە گەڕاندنەوەی بونیادو پێکهاتەی بۆچوونە فەلسەفیەکانی دەقی خوێنراوی نوێ دەدەن.

دواجار بۆچوونی فەلسەفیانە وەك ئامرازێكی چالاك لەمیانی دەسەڵاتی دەقدا بەشداری دەكاتو وەك ئامرازێكی كاراو چالاك لە پێناو تازەكردنەوەی بۆچوونێكە كە بەرەو بۆچوونی دیكەی بەرهەمهاتوو دەبێتەوە, كار بۆ تەوزیفكردنی بۆچوونی فەلسەفیانەی دیكە دەكاتو لە تۆماركردنی مانادا زمان بەرەو بونیادنانی چەمكگەلێكی گشتگیریانە دەكاتەوە.

سەرچاوە:

بڕوانە : رۆژنامەی (الزمان) ژمارە 1568 دوشەممە28/تەممووزی 2003. چیرۆكنووسی عێراقی (عەزیز تەمیمی) كە ئێستا نیشتەجێی ئەمریكایە نووسیویەتی, من تەنها ناونیشانی دووەمم لابردووە.